## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٦٤) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و دوابەدوای بڕیارەكانی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٧) لە ٢٠١٩/١١/١٣ و ژمارە (١٧٠) لە ٢٠٢٢/٩/٧ و ژمارە (١٧٨) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦ و ژمارە (٢٣١) لە ٢٠٢٣/١١/٢٢ و ژمارە (٢٥٢) لە ٢٠٢٤/٥/٨، و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ژمارە (٢٨١٩) لە ٢٠٢٢/٦/٦ و ژمارە (٤٣٦٧) لە ٢٠٢١/٩/٢٧ تایبەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٠) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕەزامەندیی لەسەر بەهەمیشەییكردنی فەرمانبەرانی گرێبەست لەسەر میلاكی هەمیشەیی وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت لە هەرێمی كوردستان بە گوێرەی هەمان ئەو مەرج و پێداویستی و پێوەر و ڕێكارە یاساییانەی كە لە حكومەتی فیدراڵی بۆ ئەم بابەتە جێبەجێ دەكرێت سەرەڕای هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستییە گشتی و تایبەتییەكانی دیكەی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی بە گوێرەی یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەمواركراو و یاسا و ڕێنماییە بەركارەكانی دیكە.

٢. تێچووی دارایی بەهەمیشەییكردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بە گوێرەی ئەم بڕیارە لە هەمان تەرخانكراوی ئێستایان دەبێت كە لە وەزارەتی دارایی فیدراڵدا پەسەندكراوە وەك تەرخانكراوی دارایی میلاكی فەرمانبەری گرێبەست كە تۆماری بایۆمەترییان ئەنجام داوە و خاوەنی ژمارەی وەزیفیین و لە هەمان كاتدا سوود لە پلەی چۆڵی وەزیفی بە هۆی جووڵەی میلاكاتەوە وەردەگیرێت.

٣. ڕەچاوكردنی سروشتی ئەو خزمەتگوزارییەی كە فەرمانبەری گرێبەست پێشكەشی دەكات كە بوار بدات بە بەهەمیشەییكردن. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بە فەرمانێك خشتەی ئەو بوارانەی خزمەتی گرێبەست دەستنیشان دەكات كە سروشتی كارەكە وا دەخوازێت بە شێوازی گرێبەست بمێننەوە.

٤. لە كاتی بەهەمیشەییكردنی فەرمانبەری گرێبەست، ئەو بڕوانامەیەی بۆ هەژمار دەكرێت كە لە ڕێكەوتی دەستبەكاربوونی وەک فەرمانبەری گرێبەست بە فیعلی هەیبووە نەک ئەو بڕوانامەیەی پێی دامەزراوە یان لە دوای دەستبەكاربوونییەوە بەدەستی هێناوە.

٥. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ گشتاندنی ئەو مەرج و پێداویستی و پێوەر و ڕێكارە یاساییانەی كە لە حكومەتی فیدراڵی بۆ بەهەمیشەییكردنی فەرمانبەری گرێبەست جێبەجێ دەكرێت لەسەر سەرجەم وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت تاوەكو لایەنی پەیوەندیدار لیستی ناوی ئەو فەرمانبەرانەی گرێبەست بەرزبكاتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری كە مەرجەكانی ئاماژەپێدراویان تێدایە بە ڕەچاوكردنی تەرخانكراوی دارایی پەسەندكراو لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ بۆ مووچەی فەرمانبەری گرێبەست بە مەرجێک نەبێتە هۆی بارگرانی دارایی زێدەكی.

٦. لە دوای ساغبوونەوەی شایستەبوونی فەرمانبەری گرێبەست بۆ بەهەمیشەییبوون بە گوێرەی بڕگەكانی ئەم بڕیارە، وەزارەتی دارایی و ئابووری لیستی مووچەیان وەک فەرمانبەری هەمیشەیی لە چوارچێوەی لیستی مووچەی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت ئامادە دەكات و ڕەوانەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی دەكات بۆ خەرجكردنی مووچەكانیان وەک فەرمانبەری هەمیشەیی.

٧. وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە بە هەماهەنگیی وەزارەتی دارایی فیدراڵ و ئەنجومەنی ڕاژەی فیدراڵی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**